# ئێوە لە پاش من مافتان دەخورێت، بۆیە ئارامبگرن هەتاوەکو بە من دەگەن لەسەر گۆلاوەکە

لە ئوسەیدی کوڕی حوزەیر وئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێن: پیاوێک لە ئەنساڕەکان ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا دەستنیشانم ناکەیت (بۆ بەرپرسیاریەتی ودەسەڵات) هەروەکو چۆن فڵان کەست دەستنیشان کرد؟ ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئێوە لە پاش من مافتان دەخورێت، بۆیە (ئارامبگرن هەتاوەکو بە من دەگەن لەسەر گۆلاوەکە*». *(مەبەست گۆلاوی -حەوزی- کەوسەرە
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وداوای لێکرد کە بیکات بە دەسەڵاتدار وبەرپرسیار وەکو ئەوانی تر کە دەسەڵاتی پێیان بەخشیووە، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەو کاتەدا فەرمانی بە خۆی وهاوەڵانی کرد کە ئارام بگرن لەسەر ستەمی کاربەدەستان لە داهاتوودا چونکە ئەوان مافی خەڵکی دەخۆن وپارە وخێر وسامانەکان بۆ خۆیان دەبەن وبەشی خەڵکی لێنادەن؛ بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکردن کە ئارام بگرن هەتاوەکو دەگەن بە لە لای ئەو لەسەر گۆلاوی -حەوزی- کەوسەر کە گۆلاوی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- لە پاش دەرباز بوون لەسەر پردی سیرات مسوڵمانان لێی دەخۆنەوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3305